**به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ٨**
**رۆژی بڕیـــار : ٢٠٠١/٦/٢٨**

## " بــڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و مـاددەی (٥٣) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیـشتمانی ، ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لـە دانیـشتنی ژمـارە (١٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یـدا بڕیـاری ئەمـەی خوارەوەیدا :

**ماددەی یەکــەم :**

بڕیاری ژمارە (٢١١)ی ساڵی (١٩٨٤)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەکار دەخرێ .

**ماددەی دووەم :**

دیدەنی منداڵ لە لایەن باوکی یان دایکییەوە بە پێی ئەو حوکمەی کە لە دادگـای ئـەحواڵی شەخصیەوە دەردەچێ لەو جێگەیەدا دەکرێ کە هـەردووکیان لەسـەری پێـك دێـن ، جـا ئەگـەر هات و ئەو پێکهاتنە نەلواو نەکرا ، ئـەوە ، لـەو بـارەدا هەڵسووڕێنەری داد (مفنـذ العـــدل) لـەو شارەدا کە منداڵەکە لە کەنەفی پەروەشتکارەکەیدا دەژی ، بە بڕیارێك جێگەی دیدەنییەکە دیار دەکات .

**ماددەی سێیەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار .

**ماددەی چــوارەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار .

**ماددەی پێنجـــەم :**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردسـتان)دا دەخرێتە بەرکار .

**د. رۆژ نـــوری شـــاوەیس**
**سـەرۆکی ئەنجـومەنی نیشـتمانیی کوردستانی عێـراق**